# ئەو زمانە بگۆڕن, زەمانە گۆڕاوە
# وەلاٚمێکی زۆر کورت  بۆعارف تەیفور .

**شۆڕش حەمەسەعید**

یەکێك لەپرەنسیپە جوانەکانی دیموکراسیەت قبوولٚکردنی بیروڕای ئەوی ترە,قبولٚ کردنی جیاوازیەکانە,دیموکراسیەت کاتێك ڕووخسارە جوانەکەی دەردەکەوێت کە ڕێزگرتن ببێتە سیمایەکی دیاری کۆمەلٚگاو ڕەفتارە دیموکراسیەکان جیگای خۆسەپاندنو سوکایەتی پێکردن بگرنەوە, جگەلەم پرەنسیپە دیموکراسیانەش ,پرەنسیپێکی تری تەقلیدی کۆمەلاٚیەتی هەیە کە ئەوی دەسەلاٚت لەمنی عەوام جیادەکاتەوە,ئەویش ئاستی هوشیاری سیاسیو مامەلٚەی کادیری حزبە لەگەلٚ فەردی کۆمەلٚگادا, ئێستا دەبێت بپرسین عارف تەیفور بەچ حەقێكوبەچ پێوانەیەکی کۆمەلاٚیەتی, بەڕۆشنبیرانی بێلایەن نەك بەپاشکۆکانی حزب؟ بلێت سەرلێشێواو, چیە وا لە تەیفوردەکات ئەم مافە بەخۆی بدات جگە لەبیٚ یاساییو بێحورمەتی کردن بە مرۆڤ نەبێت؟ داخۆ عارف تەیفور دەتوانیٚ ئەم قسەیە ڕووبەرووی سەرەك خێلێکی بەحەق سەرلێشێواو بەکاربهێنیٚ؟ ئەمرۆ دەتانیٚ بەئەنفالچیەك بلٚیٚ سەرلیشێواو؟ بێگومان نەخێر چونکە ئەوە لۆژیکی خێلٚە لەسەرەوە پێی دەسەلمێنیٚ کیٚ سەرلێشێواوەوکیٚ دەبێت سنوری قسەکردنی خۆی بزانیٚ, عارف تەیفور کەتەمەنێکی زۆری هەیەولەوەتای منیش بەبیرم دێت کادیری بەرزی پارتیە,باشە ئەم کادیرە کۆنە ئەمرۆ لەبەردەم ئەوهەموو رۆژنامانەو بێسلٚەمینەوە لەو هەموو رۆشنبیرانەی بەمەزاجی ئەو نانووسن بیٚ سلٚەمینەوە لەپڕوپاگەندەی حزبەکەی بۆ مافی مرۆڤو دیموکراسیەت, ئاوا بێپەردە قسەدەکات, داخوا دەبێت لە رۆژگاری زوودا کە هەموو کوردستان تاکە رۆژنامەیەکی تیادا دەردەچوو, ئەویش ئۆرگانی حزبەکەی بوو, ئەو سەروەختەی پارتی تاکە حزبی کوردستان بووە, چۆنوبەچ ئسلوبێك مامەلٚەی ناشایستەی لەگەلٚ خەلٚکی کوردستاندا کردبێت؟ بڕواتان هەبێت هاتبوومە سەر ئەوبڕوایەی دەنگ بدەم بەپەرلەمانی عێراقو لستی هاوپەیمانیەکەی خۆیانویەکێتی هەلٚبژێرم بۆهەرێمی کوردستانو لە ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بەهێوای ئەوەبووم دەنگ بەحزبەکەی کاك عارف تەیفوربدەم, بەلاٚم لەپاش ئەو تەسریحە ناشایستەیەوە بە رانبەر بەرۆشنبیران, هەلٚویستم دەبیٚودەنگ بۆهیچ کام لەوحزبانەش نادەم کەبەتەمان دوربەدوریش هاوپەیمانیتیان لەگەلٚ پارتی هەبیٚ, وە هەرلێرەشەوە بەپارتی دیموکراتی کوردستان ڕادەگەیەنم کەوا هەتا خاوەنی ئەو لۆژیکە خراپەبن لەبەرانبەر رۆشنبیرانو نەیارانی خۆتان پەرێزتان لەبەعس خاوێنتر نابیٚوچارەنوسیشتان لەو باشتر نابێت.چونکە ئەوە بەعسیەکانیش بە هەمان لۆژیك بەهەمان زمان بە خەلٚکی ناڕازییان دەگووت غەوغاو بەپێشمەرگەشیان دەگووت ئاژاوەگێر.ئیدی کەبەتەماشن وەك بەعس بکەن دەنگی خەلٚکتان بۆچیەو بۆچی خەلٚکی بەسەرلێشێواو دەزانن کەدەنگتان نەداتیٚ؟!